# دارفۆر: تراژیدیایەکی گەورەی ئینسانی






خەسرەو سایە

k.saya@ukonline.co.uk


رووداوەکانی چەند هەفتەی رابردووی ناوچەی دارفۆر، خواروی سودان، هەواڵی تراژیدیایەکی گەورەی ئینسانی بردە نیو میدیاکانی جیهانەوە. ئاوارەبوونی نزیکەی ملیۆن ونیویک لەئینسان، بەکۆڵەپشتەکانیانەوە وبەدەم گولەتۆپ و جەنگیکی خویناوییەوە، لەولاتیکدا کەبرسیتی و هەژاری لەرۆژانیکی ئاسایدا ژیانی هەزارن کەسی بەمەرگ سپاردووە، دەتوانی چ شتیك بۆمیژووی کۆمەڵگای بەشەری ئەم سەردەمە زیاد بکات جگەلە تراژیدیایەکی گەورەی ئینسانی. بەپێی راپۆرتی کارمەندانی کۆمپانیای خۆبەخش و فریاگوزاری "ئۆکس ڤام" نزیك بەیەك ملیون و نیو لەخەڵکی ناوچەی دارفۆر لەخواروی سوودانەوە بەرو سنورەکانی ولاتی چاد لەترسی شەری ناوخۆ ئاوارەبوون و لەکەمپەکانی ئاوەرەیدا، بەدیار گەرمای سەرو 50 پلەی سەدییەوەو لەبی ئاوی و خۆراکی و نەبوونی هیچ هەلومەرجیکی ژیاندا، بەخاتری دەربازکردنی گیانیان لەمەرگ لەم کەمپانەدا نیشتەجی بوون. ئامارەکانی راپۆرتەکە رای گەیاندووە کە تا هەفتەی رابردوو زیاتر لە 50 هەزار کەس کەزۆربەیان ژن و منال و کەسانی پەکەوتەن گیانیان لەدەست داوە و زایتر لە 100هەزاری تریش، بەهۆی شەکەتی ریگاو برسیتی و نەخۆشییەوەن لەبەردەم مەرگیکی ئەکیددا راوەستاون. لەلایەکیتریشەوە راپۆرتیکی ئەمنیستی ئەنتەر ناسیونال رایگەیاندووە کەلەم رووداوانەدا هەزاران ژن و کچی منالی 12تا 14سالانە کەوتونەتە بەردەدم دەستریژی سیکسی چەکدارەکانی"جەنجوید" کەلەلاەین حکومەتی عومەرالبشیرەوە سەرکردایەتیدەکرین.

کاردەناوەی ئەم رووداوە بەدوای ئەوەدا کە وینەکانی خۆی بردە نیو شاشەی تەلەفزیون و کامیرای هەولنیرەکانەوە، لەلایەك هەستی ئینسانی ومرۆڤدۆستانەی خەلکی ئازادی خوازی بەرووی ئەم موسیبەتەو ئەم رووداوە دلتەزینەدا بەرقو تووڕەییەیەکی بێوینەوە بەرووی نەزم و نیزامی سەرمایەداری و حاکمانی ئیستایان تەقاندەوە وخۆی هینایە نیو گفت وگۆی سەدان رۆژنامەو کەناڵی تەلەفزیونیەوە. هەرئەم خەڵکە بەخیرایی تیمەکانی فریاگواری خۆبەخش و ژمارەی بانکی کۆمەکەکانیان بلاوکرانەوە تا هەرچی زووترە بزوتنەوەی هانابردنی ئینسانی بەجیا لەدەولەتان، سنورەکان ببری و دەستی رزگاری بۆخەڵکی دارفۆر لەم میحنەتەدا دریژبکات. هاوکات ئەم رووداوە هیچ بوواریکی بۆدەسەلاتداران وکاربەدەستانی دەولەتانی سەرمایەداری ئەمریکاو رۆژئاواو نەتەوە یەکگرتوەکەیان نەهیشتەوە کەچیتر دریژە بەسیاسەتی بیدەنگەکردن و سپاردنی رووداوەکانی ولاتی سودان بە"زەوی بەجیهلراو" بسپیرن.

بەریتانیاو ئەمریکا لەریزی پیشەوەی دەولاتانی رۆژئاوا، بەمەبەستی نیشاندانی"غەمی دروزنانەی ئینسانیان" وسپی کردنەوەی رۆخساری رەشی ئینسان کوژی وجەنگخوازییان، لەبەردەم راگشتی خەڵکی ولاتەکەی خۆیان و جیهاندا، بەپەلە کەوتنە هەلویستگرتن. تۆنی بلەیەر سەرۆك وەزیرانی بریتانیا بەخستنە رووی تەرحی ناردنی 5000 سەرباز ودووپاتکردنەوەی تەجروبە "پەناگای ئارام"، کەلەساڵی 91دا لەکوردستانی عیراق پەیرەوکرا، سیاسەتی هەلواسینی چارەنوسی خەڵکی ناوچەی دارفۆر ودانانیان لەکەمپیکی ئاوارەییدا، بەدیار دەستەو تاقمی قەومی و مەزهەبی وتیرەگەری چەکدارەوە، بەریگا چارەیەك بۆبەرگرتن بەکارەساتەکانی ئیستا پیشنیارکردو حکومەتی ئەمریکاش لەزمانی بۆشەوە وەك سیاسەتیکی ئاسایی دەولەتەکەی، تەرحی سزادانی نیودەولەتی سودان و پیشنیاری دانانی گەمارۆی ئابووری و بازرگانی لەبریاریکدا هینایە نیو ئەنجومەنی ئاسایشەوە. ئاشکرایە کەئاکامی سیاسەتەکانی ئەم دوودەولەتە جگەلە هینانی برسیتی زیاتر و راگرتنی دەستەو تاقمی چەکدارو بەستنەوەی رووداوەکانی سودان بەکیشمەکیشە نیوخۆییەکانی دەولەتانی رۆژئاواو بەرژەوەندییەکانیانەوە شتیکیتری لیناکەویتەوە.

دەولەتانی عەرەبیش بەتایبەتی میسرو لیبیا، کەخۆیان لایەنکی کیشمەکیش وروداوەکانی نیوخۆی ولاتی سودانن، بەلایەنگریان لەحکومەتی عومەر البەشیر، داوایانکرد کەهەرجۆرە دەخالەتیکی دەولەتانی رۆژئاوا رابگرن و بەبەهانەی"پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی"یان فرسەت بدری بەحکومەتی سودان تا ئەم کیشەیە وەك هەرکیشەیەکی ناوخۆی دەولەتان چارەسەربیبی. بەلام رووداوەکانی دارفۆر ئاکامی چییە و چ ئاسۆ و هیزیکی کۆمەلایەتی دەتوانی خەڵکی دارفۆر لەم میحنەتە دەرکیشی و دەرگایەکی ئینسانی بەرووی کۆمەلگای سودانیشدا بکاتەوە؟

خەلکی دارفۆر قوربانی شەری دەسەلاتی نیوان حکومەتی ناسیونال ئیسلامی وئەحزاب ودەستەوتاقمی قومی و مەزهەبی وتیرەی ودەخالەتی دەولەتانی ناوچکەن. بەدەسەلات گەیشتنی جەعفەرنمیری لەسالی 1969 لەریگای کۆدەتایەکی سەربازیەوە، توانی بەشیعاری ناسیونالیزمی عەرەبی و ئەنتی ئیمپریالیستی و بەپشتیوانی لایەنگری روسیا، لەکەش وهەوای سیاسی دنیای سەردەمی جەنگی سەردا، خۆی بەسەر نارەزایەتیەکانی خەلکی سوداندا داسەپینی ولەژیر سایەی داهاتی نەوت و تەوافقاتی نیوان ئەحزاب و لایەنەکانی ئۆپۆزسیوندا دەورەیەکی 15سالەی ئارامی سیاسی پیکبهینی و کۆمەلگای سودان بەرەو بازاری سەرمایەداری جیهانی راکیشی.

لەم دەورەیەدا ناوچەی دارفۆر وخواروی سودان بەپی ریکەوتن نامەی ئەدیس ئابابا سالی 1972 ولەچوارچیوەی دانی ئیمتیازات وپەسەندکردنی بەشداری نوینەرانی ئەحزابی ئۆپۆزسیۆن لە"حکومەتی نیشتمانی"دا و سەرەنجام بەرەسمی ناسینی ئۆتۆنومی بۆ ناوچەی خواروی سودان، توانی ئارمی ریژەیی رووڵەناوچەکە بکات. بەلام لەناوەراستی دەیەی هەشتاکانداو بەتایبەتی لەسالانی 1983–84 داو بەدوای سەرهەلدانی قەیرانیکی ئابووری شکستی پرۆژەی"دیموکراتی وپیکەوەژیانی" بالەکانی بۆرژوازی سودان ودەرکەوتنی سەرەتاکانی بزوتنەوەی نارەزایەتی کۆمەلایەتی کریکاران و خەلکی زەحمەتکیش، حکومەتی جەعفەرنومیری لەگەل قەیرانیکی قول بەرەو رووکردەوە، پەنابردنی نومەیری بۆشەریعەتی ئیسلامی و هەلوەشاندنەوەی پەیماننامەکان و توندکردنەوەی ئیستبداسی سیاسی و پەلاماری سەربازی بۆسەر لایەنەکانی ئۆزسیۆن و جەماوەری خەلك ریگایەك بوو بۆخودەربازکردن لەم قەیرانە کەدواتر لەبەردەم راپەرینی شارەکانی سالی 19984–85خوی رانەگرت و رووخا وبەمجۆرەش دەرگای لەبەردەم قەیرانیکی حکومەتی لەم ولاتەداکردەوە وباروڎۆخی سیاسی سودانی بردەنیو هەلومەرجیگی یەکجار ئالۆزەوە. سەرەتا لەکودەتایەکی سەربازیدا (نیسانی 1985) موشیر عبدالرحمان سوار زەهب دەسەلاتی سەربازی گرتەدەست، پاشان بۆ کۆتایی هینان بەدەسلاتی سەربازی حکومەتە ئیئتیلافیەکانی محمد ئەحمد محجوب وصادق المهدی ،وەك حکومەتی کاتی یەیك لەدوای یەك هاتن، بەبی ئەوەی بتوانن قەیرانی دەسەلات چارەسەرکەن و ئارامی لەولاتدا جیبخەن. تا لەسالی 1989دا عومەرالبشیر بەهاوکاری پارتی بەرەی ئیسلامی_قومی سودان تاقمکەی الترابی لەکۆدەتایەکی سەربازیدا حکومەتی سەربازی_ئیسلامیان راگەیان وبەمجۆرەش دەورەیەکی تازە لەکیشمەکیشی سیاسی وپەلاماری چەکداری لەنیوان حکومەت و نەیارانی و لەنیوان خودی دەستەو تاقمی سیاسی وچەکداری ناوچە جیاجیاکانی سودانداکردەوە. عومەر البشیر کەدەسەلاتەکەی بە "حکومەتی فریاکەوتنی نیشتمانی" ناوزەدکردبوو لەژیر فشاری ریکخراوی یەکگرتوی ئەفریقاو"جاد" و دەولەتانی رۆژئاواو دراوسیدا ناچار بوو لەگەل لایەنەکانی خواروی سودان بکەویتە زنجیرە ریکەوتنیکەوە. لەوانە ریکەوتنامەی ئەسمەرە 1994 لەگەل جۆنگرنگ سوپای گەلی رزگاری سودان، ریکەوتننامەی ئاشتی 1997 لەگەل 7 حیزبی خواروی جیابووەوە لە جۆنگرنگ و ریکەوتننامەی ماشاکۆس 2202 ، ریکەوتن نامەی نیفاشا 2003 لەگەل بزوتنەوەی گەلی بۆرزگاری سودان . سەرەکیترین خالەکانی نیو ئەم ریکەوتن نامانە، مەسەلەی ئاشتی و جۆری حکومەتی دامەزراو لە ناوەندی ولاتدا، جیگای شەریعەتی ئیسلامی ودەستوری عەلمانی، مەسەلەی جیابوونەوەی خواروی سودان وبەرەسمیەت ناسینی دەسەلاتی سەربەخۆی ئەم ناوچەیە، دابەشکردنی سەروت ودەسەلات لەنیو ئەحزابەکانی خوارو ناوەند و سەروی سودانداا... عمر البشیر بەپیداگری لەسەر شەریعەتی ئیسلامی وقبولنەکردنی مافی جیابوونەوە بۆ خەلکی خواروی سودان سەرەنجامی هەموو ئەو ریکەوتنانەی لەگەل شکست و بن بەستدابەرەو رووکردەوە ووەك هاوپەیمانیکی سەرەکی ئیسلامی سیاسی دەسەلاتەکەی پیناسەکرد وسەرەنجام زەمینەی کارەساتی خویناوی مانگی 2001/11 ودەسپیکردنی شەری ناوخۆی نیوان حکومەت و لایەنە چەکدارەکانی هینایەکایەوە.

بەلام کارەساتەکانی ئەم دوایانەی دافۆر ئەگەرچی بۆ رووداوەکانی شوباتی 2003 دەگەریتەوە، بەتایبەتی بەدوای ئەوەدا گە کە تاقمیك چەکداری نەناسراو پەلاماری پایەگایەکی سەربازی لەناوچەی "المره" دەدەن ، شەریکی خویناوی لەنیوان حکومەت و لایەنەچەکدارەکان دەست پیدەکاو دواتر هەموو دەستەوتاقمی قەومی و تیرەیی وئاینی، عربی وئەفریقایی، مەسیحی وئیسلامی دەتەنیتەوە وزیاتر لە 40 گروپی گەورەو بچووکی چەکدارو 70 حیزب و لایەن تیا بەشداری دەکەن، خواروی سودان بۆنیو شەریکی کویرانەی ناوخۆ راپیچدەدری. حکومەتی عومەر البشیر بەسازدانی سوپای گریگرتەی "الجنجوید" لەتیرەکۆچبەرو خیلەکیە عەرەب زمانەکان کەنزیکەی 100هەزار چەکداردەبن بەهاوکاری لەگەل هیزە چەکدارەکانی بەری ئیسلامی بەپەلاماردانی دانیشتوانی گوندە"زنجیە ئەفریقاییەکان" و دەست بەسەرگرتنی مال و حال و کوشتن و ئیغتصاب و سەرپەراندنی خەلکی دارفۆر، بەتایەبتی ئەوانەی مەسیح و غیرە عەرب زمانن، گوماوی شەریکی ناوخۆ بۆ پاکسازی قەومی وئیسنیکی وئاینی دەنینەوە، کە دواتر ئاوارەیی ملیونی خەلکی بیدفاع و مەدەنی ئەم ناوچەیەی بەدواوەدەبیت.

بەلام ئەگەر قەیرانی حکومەتی وبیتوانایی بۆرژوازی سودان ودەولەتەکەی بۆچارەسەری کیشەکانی کۆمەلگاو هاتنە مەیدانی دەیان دەستەو تاقمی کۆنەپەرستی قەومی وئیسلامیفاکتۆریك بن لەخولقان و سەرهەلدانی رووداوەکانی ئیستای دارفۆر، ئەوا فاکتۆریکیتر دەوری ئەمریکاو هەلومەرجە سیاسیەکانی جیهان و دەخالەتی دەولەتانی دەورەبەری سودانە لەم نیوەدا. ئەمریکا بەدوای جەنگی یەکەمی کەنداو وهەولدان بۆسازدانەوەی دنیای یەکقوتبی لەبەر رۆشنایی ئیسراتیژی نەزمی نویی جیهانی، سودان بەیەکیك لەناوچە فەرامۆشی کراوەکان دەگۆری و بەم هۆیەشەوە سەرزمینیکی باش بۆگەشەو هەلدانی ئیسلامی سیاسی ودەستەو تاقمەکانی دینیتە ئاراوە وفرسەتی ئەوە دەداتە دەست دەسەلاتی ئیسلامی و رەوەندەکانی تالە ریگای پاکسازی ئیسنیکی و ئاینیەوە سودان بکاتە پیگەیەکی راگرتنی تەوازنی هیز لەبەرامبەر رۆژئاوادا. لەلایەکیتریشەوە دەولەتانی ئیریتریا، ئەسیوپیا، مالی

وئۆگەندا، لەریگای هاندان و کۆمەك و دالدەدانی دەستەوتاقمی چەکداری ئیسنیکی، عربی، ئەفریقایی، مەسیحیەوە ئەوزاعی سودانیان وەك کارتیك بۆ تەسفیەی حساباتی سیاسی وئەمنیەتی خۆیان لەبەرامبەر یەکترو هاوکات لەبەرامبەر دەولەتانی عربی سەروی ئەفریاقا بەتایبەتی میسرو لیبیا بەدەستەوەگرت و هەریەك لەلای خۆیەوە پەمپی شەری ناوخۆوو فاکتۆرەکانیادا. مەسەلەی گویزانەوەی ناوەندی بریار لەسەروی ئەفریقاوە بۆ ناوەند و دەست کۆتاکردنی دەخالەتی دەولەتانی عربی لە ئفریقاو بریارەکانی ریکخراوی یەکگرتووی ئەفریقادا، مەسەلەی بازارەکانی نەوت وگویزانەوەی هیزیکاری هەرزان و کیشەکانی ئاوو سنور.. سەرەکیترین ئەو مەسەلانەبوون کە هانی دەولەتانی دراوسی سوداناى دا کەلەم ئەوزاعانەدا بەدوای بەرژەوەندیەکانی خۆیانەوەبن. بەلام رووداوەکانی ئیستای دارفۆر نیشان ئەدات کەهیچکام لەهیزەکان نوینەرایەتی خواستی خەلکی سودان بەبی رەچاوکردنی ناسنامەی قەومی وئایذیانەوە لەبەرچاونەگرتووە، بەلکو ئەوەی ئاشکرایە لەبین چوونی ژیان ومافە مەدنیەکانی خەلکی ئەم ولاتەیەلەلایەن ئەم هیزانەو حکومەتی عومەرالبشیرەوە.

روداوەکانی دارفۆر بەلگەی ئەوەن کەکریکاران و زەحمەتکیشان و خەلکی ئازادیخوازی سودان تەنها بەگرتنەبەری ئاسۆیەکی کۆمۆینستی وئینسانی دەتوانی ریگای نەجات لەم هەلومەرجە پەیدابکات. نە ئەمریکاو دەولەتانی رۆژئاوا، نە حکومەتی ئەلبەشیرو دەستەوتاقمی قەومی وئاینی وتیرەکانیان، نەپەیمانامەی دەولەتانی ناوچەکە و دەخالەتیان، هیچکام لەم هیزانە ناتوانن ژیانی مەدەنی و ئارام و یەکسان بۆخەلکەکەی پیکبهینن. کریکاران و کۆمۆنیزم و بزوتنەوەی سکولاریزم تەنها وەلامی ئەم هەلومەرجانەیە. لەیەکەمین هەنگاوەکاندا داواکاری بۆ دەست کۆتاکردنی حکومەتی عومەر البشیرو جیگرتنەوەی بە حکومەتیکی سکولاری غەیرە قومی وغەیرە مەزهەبی ودامەزراو لەسەر بناغەی جیایی دین لەدەولەت و مافی هاولاتیانی یەکسان بۆهەمووان و بەرەسمی ناسینی مافی جیابوونەوە لەریفراندۆمیکدا بۆخەلکی خواروی سودان، دەتوانی بناغی مەدەنیەکانی کۆمەلگای سودان بپاریزی وریگاش بکاتەوە بۆ ئالوگۆریکی ریشەیی بەقازانجی خەلکی سەراسەری ئەم ولاتە. بیگومان بزوتنەوەی پیشتیوانی خەلکی ئازادیخواز وئینسان دۆستی ئەوروپا و ئەمریکا هیزی گەورە وهاوپەیمانی ئەم ریباز وخواستانەی خەلکی سودانن.